# بابەشێخ حسەینی:
# ئێمە ئەو ڕاستگۆییە لە موجاهیدینی خەڵك دەبینین کە مافی کورد بدا

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و پێوەندییەکانی ئەم ڕێکخراوە کوردییە لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، سازمانی موجاهیدنی خەڵک و کێشەی کورد لە ئێران و پێوەندیی ئەو ڕێکخراوە بە حیزبە کوردییەکانەوە، تەوەری وتوێژەێکە لەگەڵ بابەشێخ حسەینی سکرتێری گشتی "سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران".

**"بۆکوردستان": ئەوەندەی ئاگادار بین حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییان لەگەڵ سازمانی موجاهیدین نییە، بەڵام ئێوە ئەم پێوندییەتان پاراستوە، دەتوانین بپرسین پێوەندیتان لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێراندا چۆنە؟**

**بابەشێخ حسەینی:** ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە سەر ئەساسی هاوکاری لە پێناو ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران و دەستەبەرکرانی مافەکانی کوردە لە کوردستانی ئێران. ئێمە وەک سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بڕوامان وایەکە هەموو هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان دەبێ بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی هەنگاو هەڵگرن و واقعیەتی ئەمریش ئەوەیە کە سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران هێزێکی گەورە و سەرانسەرییە و کاردانەوەی زۆریشی هەیە، هەم لە ئاستی ئێران و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییشدا. ئەوانە خاڵی سەرەکین لە پێوەندی سازمانی خەبات و موجاهیدینی خەڵکی ئێراندا.

**"بۆکوردستان": پێتوایە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، موجاهیدین دان بە مافی کوردلە ئێراندا دەنێ؟**

**بابەشێخ حسەینی:** ئەوەی کەتا ئێستا ئەوان باسیان کردوە، دانیان بە مافی "خودموختاری" بۆ کورد لە کوردستانی ئێراندا ناوە.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کاتی خۆشی کە بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی خۆی کاندید کردبوو بۆ سەرۆک کۆماری ئێران، یەک لەو خاڵانەی کە ئەو باسی کردبوو، دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی خودموختاریدا بوو. زۆریش لە زانا سیاسییەکان هەر ئەو کاتەش باوەڕیان ئەوە بوو کە دەبێ دەنگ بەو بدەن و زۆر کەس لە بەرپرسان و کەسانی سیاسی لە کوردستانیشدا باسی ئەوەیان کردبوو بۆیە ئەو واقعییەتە کە باسی دەکەن ئەوەیە کە کورد دەبێ بەمافەکانی خۆی بگا لە چوارچێوەی ئێرانی دیموکراتیکدا.

**"بۆکوردستان": پێتوایە پێویستە حیزبە کوردییەکان لەگەڵ سازمانی موجاهیدیندا هاوپەیمانی پێکبێنن؟**

**بابەشێخ حسەینی:** بە بڕوای من ئەوەی کە ئێستا ئێمە لە کوردستانی عێراقدا دەیبینین، تەجروبەیەکی زۆر باشە. دەزانن کە ئێستا هەلومەرج لە کورستانی ئێراقدا بە نیسبەتی کوردستانی ئێران زۆر لەبارترە. یانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا خاوەن ئەزموونێکی چەندین ساڵەیە و دەستی زۆر باڵاشی هەبووە، هەم لە ئازادکردنی عێراقدا و هەم لە بەدیموکراتیک کردنی عێراقدا. ئەو هێزانەی کە لە کوردستاندان پێوەندییەکی باشیان هەیە لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکانی عێراقدا. یانی ئەو شتە تەواوکەری یەکە. کەوایە ئەو تەجربەیەی ئێمە لێرە دەیبینین، بۆ خۆشمان دووپات دەبێتەوە. ئێمە وەک سازمانی خەبات بڕوامان وایە کە پێویستە ئەحزابی سەرانسەری و کوردستانی پێوەندییەکی دۆستانەیان هەبێ، لەبەر ئەوەی لەداهاتوودا لە ئێرانێکی دیموکراتیک و ئازاددا هەموو بتوانین پێکەوە ماف و ئازادیی بۆ هەموو خەڵک دابین بکەین و گەلی کوردیش لە ئێرانێکی ئازاددا بەمافەکانی خۆی بگا.

**"بۆکوردستان": ئایا داواتان لە حیزبەکانی دیکە کردووە لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دابنیشن و هاوکاری بکەن؟**

**بابەشێخ حسەینی:** ئێمە ڕاستەوخۆ ئەگەر کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەحزابی سیاسی کوردستانی هەبووبێ، کەم تا زۆر باسکراوە، بەڵام لە ڕاگەیاندراوەکان و ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەدا لە سەر ئەوە باسکراوە کە بۆ هێنانەدی ئازادی لەداهاتوودا، پێویستە ئەحزابی کوردستانی و سەرانسەری پێوەندیمان هەبێ، بەتایبەتیش باسی سازمانی موجاهیدین کراوە، بەڵام بێگومان هەر لایەنێک ڕای تایبەتی خۆی هەیە و کار بۆ خۆی دەکا و لە ڕابردووشدا ئەحزابی کوردستانی پێوەندیی نزیکیان لەگەڵ موجاهیدین دا هەبووە و ئەندامی "شۆرای میللی موقاوەمەت"یش بوون و وەکوو باسیشکراوە و دیارە ئەوان دەریشکراون لە شۆرای میللی موقاوەمەت.

**"بۆکوردستان": ئایا بەڕاستی موجاهیدینی خەڵک بڕوای بە چارەسەری کێشەی کورد هەیە؟**

**بابەشێخ حسەینی:** ئەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ داهاتوو، بەڵام ئێمە ئەو سەداقەتە لە موجاهیدیندا دەبینین کە لە داهاتوودا بە دڵنیاییەوە مافی کورد دابین بکا.

**"بۆکوردستان": چەندە ڕاستە دەڵێن ئێوە پارە لە سازمانی موجاهیدینی خەڵک وەردەگرن؟**

**بابەشێخ حسەینی:** ئینسان ناکرێ بەدوای ئەو شتانە بکەوێ! ئەگەر دۆستایەتی هەبێ دەبێ هاوکارییش ببێ. بەڵام هاوکاریی نێوان سازمانی خەبات و موجاهیدین لە سەر مەسایلی ماددی نییە و لەسەر مەسایلی سیاسییە. ئێستاش ئەگەر کۆمەکمان پێ بکا هەموومان دەزانین کە سازمانی خەبات لە بواری مادییەوە وەزعی باش نییە.



هاوکاریی سازمانی خەبات و موجاهیدین لە سەر مەسایلی ماددی نییە، بەڵکوو لەسەر مەسایلی سیاسییە

# نازانم باڵی ڕیفۆرم بۆ جیابوونەوە

## نامەوێ بڵێم کە دەستی کۆماری ئیسلامی تێدایە یان نا

دیمانە: بۆکوردستان

**محەممەد شافێعی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەم چاوپێکەوتنەدا تیشك دەخاتە سەر دوایین ئینشعابی ئەو ڕێکخراوە و خەسارەکانی و هاوکات باس لە کێشەکانی بەردەم ئێئتلافێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا بە هۆی ئەو لێکترازان و ئینشعاباتەوە کە ڕووی کردە بەشێک لە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات.**

**"بۆکوردستان": زۆرجار و دوای هەر ئینشعابێك دەنگۆی ئەوە بڵاودەکرێتەوە کە ڕەنگە ئەو ئینشعاباتەی کە لە نێو حیزبە کوردییەکان ڕوو دەدەن دەستی دەرەکی لەپشت بێ، با ئەم پرسیارە لە تۆ بکەم، پێت وایە تازەترین ئینشعاباتی نێو کۆمەڵە دەستی دەرەکی لەپشتەوە بووە؟**

**محەممەد شافێعی:** بەڵگەیەک نییە کە بڵێین دەستی دەرەکی لە پشتەوە بووە، بەڵام هەر وەک چۆن کۆمەڵە دۆستی زۆرە، نەیاریشی زۆرە و نەیارانی پێیان خۆشە کە کۆمەڵە تووشی ئینشعاب بێت. نامەوێ بڵێم کە دەستی کۆماری ئیسلامی تێدایە یان نا، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هەموو تواناییەوە تێدەکۆشێ حیزبە سیاسییەکان کێشەیان تێبکەوێ.

**"بۆکوردستان": باڵی ڕیفۆرم کە دواتر لێتان جیابوونەوە، باسی ئەوە دەکەن کە کۆسپ لە لایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەوە هەبووە کەڕێگر بووە لە بەرانبەر سەرکەوتنیاندا، ئەمە ڕاستە؟**

**محەممەد شافێعی:** من بەرپرسی تەشکیلاتی نەهێنی کۆمەڵەم. بە هۆی کارەکەمەوە ئەم پرسیارە لە لایەن هەڵسووڕاوانی خۆمان لەنێو خۆی وڵات لێمدەکرێ و من وڵامێکم بەوان داوەتەوە کە پێمخۆشە ئەو وڵامەش بە ئێوە بدەمەوە. بڕوام پێ بکەن ئێستاش نازانم ئەم برادەرانەی ئێمە کە لێمان جیابوونەوە دەلیلیان چ بوو؟ لەوانیش بپرسی مەگەر بگەڕێنەوە سەر زۆر شتی مەربووت بە کەسایەتی ئێنسانەکان، مەربووت بە ئاوات و حەزەکانیان یا ئەو شتەی کە بۆ شەخسی خۆیان بوویانە، دەنا هیچ شتی دیکە نەبووە.

ئەو مەسایلەی کە سیاسی و بنەڕەتی بن لە کۆمەڵەدا کۆدەنگی هێناوەتەوە و هیچ ئیختلاف و ناکۆکییەکی سیاسی لەسەر هیچ مەسەلەیەکی گرینگ لە بەینماندا نەبووە. ڕاستییەکەی دەبێ لە خۆیان بپرسی. لە هەموو حیزبێکی سیاسی کێشە هەیە و ناکرێ نەبێ، بەڵام ئەوەی کە کەسێک بگەیەنێتە ئاستێک کە لە حیزبەکەی جیا بێتەوە لە نێوماندا نەبووە. پێموانییە ئەو برادەرانەش بتوانن دەلیلێکی قانع هێنەر بهێننەوە. لە یەک ساڵ لەوە پێش کە ئێمە سەرەتای هێندێک ناکۆکیمان ئەدی هەتاکوو ئێستا، یەکجاریش نەبووە کە بۆخۆشیان باسی ئەوە بکەن کە ناکۆکیی سیاسییان هەیە.

**"بۆکوردستان": ئەوان دەڵێن لە ڕێبەرایەتی کۆمەڵەوە ڕێگامان پێ نەدراوە قسەی خۆمان بکەین، ئەوەتا چ ڕادەیەک ڕاستە؟**

**محەممەد شافێعی:** هیچ حەقیقەتێکی تێدا نییە. بە شانازییەوە کۆمەڵە یەک لەو لایەنانە بووە کەبۆ دەربڕینی ڕا و بۆچوون ڕێگای بە هەموو ئەندامانی داوە، چ بگا بە ئەوانەی کە لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسییدا بوون. لە هیچ شوێنێکدا ئەوان نەبووە قسەیەکیان هەبووبێ و ڕێگایان لێ گیرابێ.

**"بۆکوردستان": کێشەی ڕۆژهەڵات تیقی بەکوێ گەیشت ئەوان ئێوە بە بردنی کەلو پەلی ڕۆژهەڵات تیقی تاوانبار دەکەن ئەمە تا چەندە ڕاستە؟**

**محەممەد شافێعی:** ئەوە کێشەیەکە کە نیهایەتەن بە ڕێگای قانوونییەوە چارەسەردەکرێ و پۆلیس بەدوای کەوتووە و ئێمەش بەدوای کەوتین. ئێمە پێمانوایە کە ئەوان بوون بەهۆی داخرانی ڕۆژهەڵات تیقی. ئەوان پێیان خۆش بوو کە سیمایەکی ئاڵۆز و ئاشووفتە و ناسەقامگیر لە کۆمەڵە نیشان بدەن. ئێمە کۆمیتەی ناوەندیمان هەیە. هەموو ئۆرگانەکانی کۆمەڵەمان هەیە و حیزبین. ئەوان تەنیا کارێکیان کە کرد بەرگرییان کرد لەو پەیامەی کە ئێمە بە خەڵکی ڕادەگەیەنین. بڕوام وایە کە ئەوە نیهایەتەن ڕوون دەبێتەوە، چۆنکە ئۆروپا وەک ئێرە نییە.

**"بۆکوردستان": ئێستا ئێمە شاهیدی3 کۆمەڵەین، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕۆژێک ئەم کۆمەڵانە یەک بگرنەوە؟**

**محەممەد شافێعی:** نەک هەر 3 کۆمەڵە بەڵکوو 4-5 لایەن هەن کە ئیدعای ئەوەدەکەن کە کۆمەڵەن. کۆمەڵە وەک خانەوادە و بنەماڵەیەکی گەورەیە بۆ زۆر کەس و من پێم سەیر نییە کە هەموو کەسێ خۆ بەنێوی کۆمەڵەوە بە خەڵک بناسێنێ. ئەم ڕەفیقانەی ئێمە کە لەم دوایەلە کۆمەڵە جیا بوونەتەوە (کەمینەی کۆمەڵە) چەندشت دەبێ بۆ خۆیان ڕوون بکەنەوە، یەکەم ئەوەی کە سەرکردایەتییەکەیان چۆنە، بیر و باوەڕەکانیان چۆنە و سێهەم ناوی حیزبەکەیان چییە؟

**"بۆکوردستان": باشە کۆمەڵەی واقێعی کامەیە؟**

**محەممەد شافێعی:** ئەگەر بۆ ڕێکخراو بگەڕێتەوە، من پێم وایەکە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە دەیان و سەدان و بگرە هەزاران کادر و کەسی دیکە خۆی بە کۆمەڵە نەزانێ، بەڵام لەگەڵ ئێمە نەبن و هەر خۆشیان بە جیاواز بن.

**"بۆکوردستان": ئایا ئەم ئینشعابانە نابنە ڕێگر لە بەردەم پێکهاتنی بەرەی کوردستانی و یەکگرتنی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**محەممەد شافێعی:** بێگومان! بەرەی کوردستانی یانی ئەوەی کە حیزبە کوردستانییەکان لەژێر چەترێکدا بۆ ئامانجێکی هاوبەش یەکبگرنەوە. جمهووری ئیسلامی وەکوو دەوڵەتێک کە کۆمەڵە لەدژی خەبات دەکا، بەدڵنیایی هەمیشە لە فیکری ئەوەدا بووە کە زەربەی لێبدا و ئاژاوە بخاتە ناوی. خەڵکیش پێیان ناخۆشە بۆ ئەم ئینشعابەی دوایی کە ڕوویدا و هیچ مەسەلەیەکی سیاسیی لەپشتەوە نەبوو. دەیهێنمەوە بیرتان کەکاتێ لەساڵی 2000وە کە کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیست هاتینە دەرەوە، کەس دوای ئەوە نەدەکەوت کە دەستی دەرەکیی تێدا بووبێ، چۆنکە ئێمە ئیختلافی سیاسیمان بوو، بەڵام کە جیابوونەوەیەك هیچ شتێکی سیاسی لە پشتەوە نەبێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شایعەی ئەوە سازبێ و بیرۆکەی ئەوە بکەوێتە نێو خەڵکەوە کە ئەو کەسانەی پێکەوە کاری سیاسی دەکەن، چۆن بە بێ ئەوەی دەلیل و هۆیەک هەبێ جیا دەبنەوە، بۆیە من بڕوام وایە کە برادەرانی کەمینە کە لە کۆمەڵە جیا بوونەتەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانن تەوزیحی ئەوە بدەن کە بۆ جیابوونەتەوە لە کۆمەڵە؟ ئەم بێ تەوزیحییە مەجالی ئەوە دەدا بەخەڵک کەبیری دیکە بکاتەوە. من دەلیلێکی دیکە نابینم.